**خودانێ ئیمتیازێ**

**حافظ قاضی**

**سەرنڤیسەر**

**مؤید طیب**

**مافێن چاپکرنێ د پاراستی نە**

**ئەدرێس**
**کوردستانا عێراقێ – دهۆك**
**ئاڤاهیێ ئێکەتیا سەندیکایێن**
**کرێکارێن کوردستانێ**
**ڤاتێ سێیەم**
**تەلەفۆن: ٧٢٢٥٣٧٦ – ٧٢٢٢١٢٥**

**www.spirez.org**
**www.spirezpage.net**

- **ژمارا وەشانێ:** (٢٠٨)
- **ناڤێ پەرتووکێ:** زانستی پزشکی بە زمانێکی ساکار
- **دانان:** دوکتور کامران ئەمین ئاوە
- **دەرهینانا هونەری:** حسین صنعان متیخان
- **بەرگ:** بەیار جەمیل
- **سەرپەرشتێ چاپێ:** شێروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا:** ئێکێ
- **تیراژ:** (٧٥٠) دانە
- **ژمارا سپاردنێ:** (١٦٧) ل سالا ٢٠٠٧
- **چاپخانا حەجی هاشم- هەولێر**

**SPIREZ PRESS & PUBLISHER**

**دار سپیرێز للطباعة والنشر**

# زانستی پزشکی

## بە زمانێکی ساکار

دوکتور کامران ئەمین ئاوە

2007

# پێشکەشە بۆ

دایك و باوکم سەڵتەنت وەتەنپەرەست

و عـــەبباس ئـــەمین ئـــاوە و ئەنوشـــی

خۆشەویستم

# پێرست


سەرەتای نووسەر........................................................ ٧
نەخوشیەکانی دڵ........................................................ ٩
سینگ ئیشە............................................................. ١٩
سەکتەی دڵ.............................................................. ١٧
داماوی دڵ.............................................................. ٢٣
نەخۆشی دەربیجەکانی دڵ.................................................. ٢٩
ناریک لێدانی دڵ........................................................ ٣٩
*کاردیۆمیوپاتی (نەخۆشی ماسولکەی دڵ)*.................................... ٤٧
میوکاردیت – هەوی ماسولکەی دڵ........................................... ٥٥
پریکاردیت هەوی دڵپۆشە.................................................. ٥٧
هەوی ناوپۆشی دڵ – ئێندۆکاردیت.......................................... ٦١
کۆلسترۆڵ............................................................... ٦٩
نەخۆشی قەند............................................................ ٧٧
سوود و زیانی جگەرە کێشان؟............................................... ٨٥
ئاکامەکانی کۆمەڵایەتی و پزشکی زۆرخواردنەوەی ئەلکۆل.......... ٩٣
گوشاری خوێن............................................................ ١٠٥
پشت ئێشە............................................................... ١١١
کارەساتی جیهانیی ئێیدز.................................................. ١١٩
بارینی ئەتۆمی چرنۆبیل................................................... ١٢١
نەخۆشییەکانی پڕۆستات..................................................... ١٢٩
پێویستی و گرینگی بارهێنانی جینسی منداڵان........................... ١٣٧
فەرهنگۆک بۆ بەشی نەخۆشیەکانی دڵ...................................... ١٥١

# سەرەتای نووسەر

ئەم کۆمەڵە بابەتە پزشکییە لە ماوەی ٥ سالی رابردوو لە چەند گۆڤاری کوردی وەک "هاوار" لە ئالمان، " کوردستان" و " رێگای کوردستان" لە باشووری کوردستان و هەر وەها سایتی " رۆژهەڵات ـ بۆکان " دا بڵاو بۆتەوە و ئێستا دوای بە سەرداچوونەوە وگۆرانکاری بەڵام پێ زیاد کردن، وەک کتێب دەکەوێتە بەر دەستی خۆێنەرانی بەرێز.

هە ندێک لەم بابەتانەم بە فارسی نووسیون کە بەشێکیان وەک: "نەخۆشی قەند"، "سوود و زیانی جگەرە کێشان؟!"، "پشت ئێشە"و" نەخۆشییەکانی پرۆستات"، لە لایەن بەرێز دوکتور تاهیر حیکمەت و" کارەساتی جیهانیی ئێیدز" لە لایەن گۆڤاری کوردستانە وە کراونەتە کوردی.

نووسەر، رێز و سپاسی خۆی ئاراستەی بەرێزان دوکتور تاهیر حیکمەت، کاک برایمی فەرشی و ماموستا حەسەنی ئە ییوبزادە دەکا ت کە بە پێداچوونەوە، لە رازاندنی رەستە و ساغکردنەوی هەلەی رێزمانیدا یاریدەیان داوە.

**دوکتور کامران ئەمین ئاوە**

# نەخۆشیەکانی دڵ




بەپێچەوانەی باوەری زۆربەی شاعیران وفیلەسوفە موسڵمانەکان کە دڵ بە ناوەندی هەست و ئەوین و دڵداری و وەرگری ئیلهام و سەرچاوەی ئیشراق و فامگەی خواناسی دەزانن، دڵ تەنیا ماسوولکەیەکە و ٢٤ سەعاتە تا ئەو دەمەی کەمرۆڤ دوا هەناسەی هەڵدەکێشێ وماڵئاوایی لەژیان دەکا، وەک ترومپایەک لە رێگای دەمارەکانەوە خوێن رەوانەی تەواوی تەن و پۆکانی (بافتەکانی) لەش دەکا. ئەم مەسەلە ساکارە تا سەدەی ١٧ی زایینی بۆ زۆربەی دوکتوران و پسپۆرانی زانستی پزیشکی نەناسراو بوو. ئەوان باوەڕیان وابوو، کە خوێن بەرهەمی جەرگە و تەنیا یەک جار لە رێگای دڵەوە رەوانەی ئەندامەکانی لەش دەکرێ و تا ئەو کاتەی کە لە لایەن بافتەکانەوە بەتەواویی رادەکێشرێ، لەم شوێنە دا عەمبار دەکرێ".


بەداخەوە لەمێژووی زانستی پزیشکیشدا بەتایبەت لەسەدەکانی ناوەراستی زایینیدا، کەسانێک کە لە راستیەکانی لەشی مروڤ دەدوان، وەکو زۆربەی زانستەکانی تر، لە لایەن کۆنەپەرستانی کلیساوە سەرکوت دەکران، دەکوژران یان بێ حورمەتی و سوکایەتییان پێ دەکرا.

بۆ وێنە لەسەدەی ١٦ی زایینیدا ئەو کاتەی کە میکائیل سێرووەتوس( Michael Servetus ١٥١١– ١٥٥٣) بە هۆی راگەیاندنی ئەم مەسەلە ساکارە کە خوێن لە بەشی راستی دڵەوە دوای تێپەر بوون لە سییەکان(سیپەلک) دەگاتە بەشی چەپی دڵ و لە رێگای دەمارەکانەوە رەوانەی ئەندامەکان دەکرێ بە فەرمانی کلیسا لە ئاگردا سوتێندرا.

## پەتاناسیی (epidemology)

بەشوێن شۆرشی سەنعەتیدا نە تەنیا ئالوگۆرێکی گەورە لە شێوەی بەرهەم و ژیان و کولتوری و گۆرانکارییەکی گەورەش لە چەشنی نەخۆشیەکان بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتودا سەری هەڵدا. لە سەدەی ٢٠ی زایینیدا بۆ وێنە ئازاری دڵ و دەمار هۆی یەکەم و شیرپەنجە کان هۆی دووهەمی مردنی خەڵک لە وڵاتانی سەنعەتی پێشکەوتودا بوون و لەسەدەی ٢١ – یشدا ئەم پرۆسەیە هەروەها بەردەوامە و تەنیا لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پتر لە٦٠ میلیۆن کەس(لەهەرپێنج کەس یەک نەفەر) تووشی "نەخۆشی دەمارەکانی کرۆنێری دڵن– coronary heart disease "(دەمارەکانی کرۆنێری خوێن بە دڵ دەگەیەنن) و ساڵانە پتر لە یەک میلیۆن کەس تووشی سەکتەی (راوەستانی) کوت و پری دڵ دەبن.



Heart with Coronary Artery Disease